

پۆستەکانم
محەمەد جەمیل عەلی

* ناوناميلكە: پۆستەكانم

* نووسينى: محەمەد جەميل عەلى

* بابەت: كۆمەڵايەتى

* پێداچوونەوە و نووسينى پێشەكى: دكتۆر ئەيوب عەبدوڵڵا

* ساڵى دەرچوون: ٢٠١٨

* ديزاينى بەرگ: كاروان كازم

## ناميلكەيەكى ئەلكترۆنييە

## چرپەیەک

ئەمڕۆکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت فێسبوک لە کوردستانی خۆمان کاریگەریی زۆری هەیە، بە هەردوو لایەنی باش و خراپ. دیارە باشی و خراپییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنەرەکانیان. من وەکو خۆم تا ئێستا لە ڕێگای ئەکاونتی فێسبوکەکەم چەندین کەسم ناسیوە و بوونەتە هاوڕێم و بە جۆرێک ئێستا لەگەڵ هەندێکیان هاموشۆ و تەعزییەی یەکتر دەکەین. کەسانێکم ناسیوە و هاوکاریمکردوون، هەروەهائەوانیش هاوکاریانکردووم . چەندین سیمینار و چاوپێکەوتن و کارم کردووە کە لەسەر بنچینەی پۆستی فێسبوکەکەم بووە یان سەرەتا پەیوەندییەکان لە ڕێگای ئەکاونتی فێسبوکەکەمەوە بووە. ئەوەندەش کە بیستومە، لە کوردستانی خۆمان لە ڕێگای فێسبوکەوە قوتابخانە دروستکراوە.

دیاره کەسانێک هەن کە قسە دەکەن یان دەنووسن، لەخۆوە قسە ناکەن، بەڵکو بە تەواوی بیری لێدەکەنەوە و ئینجا قسە دەکەن یان دەنووسن. کە قسەیان کرد یان نووسییان، ئامادەن بەرگری لە قسەکانی خۆیان بکەن و ڕوونکردنەوەی زۆریش بدەن. من یەکێکم لەم کەسانە و هەوڵمداوە ئەم شێوازە جێبەجێ بکەم. سەبارەت بە پۆستەکانم لە ئەکاونتی فێسبوک، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی کە فێسبوک بەکاردەهێنم، پۆستی زۆرم کردووە. ئەوانەی لێرە ئاماژەیان پێکراوە بە شێیکن لەو پۆستانەی کە لە ساڵی ٢٠١٨ کردوومن. بۆ هەر یەک لەم پۆستانە، دەتوانم چەندین لاپەڕەی لەسەر بنووسم. مەبەستمە بڵێم، هەر قسەیەکی هەڕەمەکی نین. دیارە ئامانجی سەرەکی منیش لە کۆکردنەوەی بەشێک لە پۆستەکانم لە نامیلکەیەکی ئەلکترۆنیی لەم شێوەیەدا ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم - ئەکاونتی فێسبوکم ٥٠٠٠ هاوڕێی لەخۆگرتووە. جا بۆ ئەوەی کەسی تریش بیانبینن، ئەم نامیلکە ئەلکترۆنییە یارمەتیدەرە.

دووەم - دەمەوێت بڵێم، کەسانێک هەن لە فێسبوک، پۆستی جددی دەکەن و پۆستەکانیان پەیامدارن.

سێیەم - کۆمەڵێک هاوڕێ داوایان لێکردووم کە ئەم پۆستانە بکەم بە نامیلکەیەک، چونکە پێیانوابوو، هەریەک لەم پۆستانە کورت و پوخت و پەیامدارە.

محەمەد جەمیل عەلی

هەولێر

١٠ -١٢-٢٠١٨

## پێشەکییەکی کورت

لەم ڕۆژگارەی ئێمەی تێدا دەژین، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە پردێکی دیکەی دەستوەیەکڕاگەیشتن و پەیوەندیی نێوان ئینسانەکان. نومایانە کە ئەمەیش وەک هەر پەیوەندییەک لە دنیای واقیعدا لێکەوتی باش و خراپی هەن و لە کۆتاییدا ئەوە ئێمە خۆمانین بڕیار دەدەین، چۆنچۆنی و بە کام باردا ئەو تۆڕانە بەکاربێنین.

فەیسبوک ڕەنگە سەرتۆپی ئەو تۆڕانە بێت لە ڕووی زۆریی ژمارەی بەکارهێنەرەوە لە کوردستاندا. دیارە ئەمەیش بۆ هاسان بەکارهێنانی و فرەیی خزمەتگوزارییەکانی دەگەڕێتەوە.

لەم نامیلکەیەدا کۆمەڵێک پۆست و سەرنجە فەیسبوکییەکانی هاوڕێم محەممەد جەمیل عەلی دەخوێنیتەوە. سەرنجەکان لە زوومی کامیرایەک دەچن کە لە هەر ساتێکدا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش

کەوتە بەرچاو،ئەو دیمەنە فۆکەس دەکات و وێنەیەک دەچرکێنێت. وێنەکان جوانن یا کرێت، ئەوە گوناهی وێنەگری تێدا نییە. ئەو تەنها دەیەوێت وێنەکانتان وەبەرچاوان بخات و پێتان بڵێت فەرموون لە خۆتان و کۆمەڵگەکەتان بڕوانن!

کورتبڕی و گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو بە کەمترین وشە و دەربڕین سیمای سەرەکیی شێوازی نووسینی ئەو پۆستانەیە. ڕەنگە تۆی خوێنەریش وەک من لەگەڵ هەندێک لە سەرنجەکان هاوڕا یان دژڕا بیت، یان خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ئەو پۆستانە بکەیت. لێ ئەوەی گرنگە، چێژ لە خوێندنەوەیان ببینی و پرسیارگەلێکی جددیت لەلا بوروژێنن. ئاخر نووسەر زۆر جار وەڵامەکانی بۆ تۆی خوێنەر جێهێشتوون و ڕەنگە بەقەد ژمارەی ئەوانەی دەیخوێننەوە، خوێندنەوەی جیاجیایان بۆ بکرێت.

دە فەرموون با پێکەوە گەشتێک بەنێو سەرنجەکانی کاکی نووسەردا بکەین!

ئەیوب عەبدوڵڵا

فرایبۆرگ-ئەڵمانیا
١٥ . ١٢. ٢٠١٨

# هەمەجۆر

(١)

یەکێک لە گرفتەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە، دوو کەس چەپڵە بۆ یەکێک لێبدەن، سێیەم و چوارەم و پێنجەمیش چەپڵەی بۆ لێدەدەن، بەبێ ئەوەی بزانن، مەسەلەکە چییە!!!!

****

(٢)

لەگەڵ عامێ ناچمە شامێ.

****

(٣)

تاکی کۆمەڵگەی ئێمە ئەگەر غەیبەت تەرک بکات، زۆر کێشەی بۆ چارەسەر دەبێت.

****

(٤)

بەشی زۆری تاکی کۆمەڵگەی ئێمە کۆنترۆڵی مێشکیان بەدەست خۆیان نییە، بەدەست کەسانی ترەوەیە. مێشکیان لەلایەن کەسانی ترەوە بەرنامەڕێژدەکرێت!!!

****

(٥)

لەم سەردەمەدا، کەلوپەلی (صناعی) هێندە زۆر بووە، خەڵکیش زۆر بەکاریاندەهێنن و برِوایان پێیە. ئەم فکرە (صناعی)یانە پەرِیونەتەوە بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانیش. یەکێک لەمانە پێکەنینی (صناعی)یە. پێکەنینی (صناعی) بریتییە لەو پێکەنینەی کە سروشتی نییە و بەبێ ئیزنی دڵی مرۆڤ دروستدەبێت، وەک پێکەنینی زۆربەی کاندید و بێژەر و فرۆشیارەکان.

****

(٦)

زۆر جار گوێبیست دەبین لە دەزگاکانی راگەیاندن، هەندێ کەسی دیار و ڕۆژنامەنووس و نووسەرو سیاسەتمەدار دەڵێن کورد و عەرەب و مەسیحی، یان کورد و عەرەب و ئاشووری و ئێزیدی، یان کورد و

عەرەب و کاکەیی وسوننە و شیعە. بە وتنی ئەمانە یەك لەدوای یەک بۆت دەردەکەویت، ئەم بەڕێزانە تا ئێستا جیاوازی ناکەن لەنێوان نەتەوە و ئایین و مەزهەب! ڕاگەیاندنەکانیش بێئاگا بڵاویدەکەنەوە.

بۆ ئەوانەی کە ئەم هەڵەیە دەکەن: پێویستە لە ئەی ڕەقیبەوە پێداچوونەوەیەک بە زانیاریی خۆتان بکەن لەم بارەیەوە بەڕێزان.

کورد و عەرەب و ئاشووری و تورکمان و کلدان نەتەوەن.

مەسیحی و ئیسلام و ئێزیدی ئایینن.

شیعە و سوننە مەزهەبی ئیسلامن.

****

(٧)

کەسانێک هەن کە خراپە ناکەن، لە چاکیی خۆیان نیە، بەڵکو بۆیان ڕێکنەکەوتووە!

****

(٨)

دوا قۆناغ بۆ ڕووخانی کۆمەڵگە بریتییە لە سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە.

****

(٩)

بەشی زۆری ڕاگەیاندنی کوردی هەرزەکارە!!!

****

(١٠)

ئەگەر کەسێک پسپۆر بێت لە بوارێک و باسی بابەتێکی پەیوەندیدار بکات بە پسپۆرییەکەیەوە، ئەوە بێگومان خەڵکی زۆر بڕوای پێدەکەن، چونکە شارەزایی هەیە لەم بوارە. هەر لەبەر ئەم هۆیە زۆربەی کۆمپانیاکان کەسی پسپۆر و شارەزا لە کاڵاکانیان دەهێنن بۆ ڕێکلامکردن بۆ کاڵاکانیان. بەڵام لە کوردستانی خۆمان گۆرانیبێژ و بەندبێژ ڕێکلام بۆ خواردن و خواردنەوە و پێڵاو و جلوبەرگ و سەیارە و دکتۆر و دەرمان و کاندیدی پەرلەمان و دەرگا و پەنجەرە و موبەریدە و شیر و حەفازە دەکات!!!

****

(١١)

بەشی زۆری ڕاگەیاندی کوردی ڕۆژی جیهانی درۆی لا گرنگترە لە ڕۆژی جیهانی کتێب.

****

(١٢)

هەندێک لە ڕاهێنەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی، بوونەتە کەوچکی هەموو چێشتەکان!!!

باسی هەموو بابەتەکان دەکەن. لەجیاتی مامۆستای باخچەی ساوایان، مامۆستای قوتابخانە، مامۆستای زانکۆ، توێژەری کۆمەڵایەتی، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، سیاسی، مامۆستای ئاینی و ئابووریناس قسە دەکەن.

****

(١٣)

هەر کەسێک سەردانی شارەکانی ئێمە بکات، بۆی دەردەکەوێت کە ئێمە لەگەڵ یەکتر کۆک نین، چونکە

خانووەکانمان یەکێک سوورە، یەکێک زەرد و یەکێک قاوەیی و یەکێک پەمەیی و سە وز و ..... هتد، هەروەها هەندێک لە هەندێکی تر زیاتر هاتۆتە پێش، هەندێک وا دروستکراوە، کە سێبەر لە دراوسێکەی دەکات،...... هتد.

****

(١٤)

با وەکو نەیزەک بین.

****

(١٥)

ماوەیەک لەمەوبەر، کتێبێکم خوێندەوە لەبارەی ژیانی یەکێک لەکەسە دیارەکانی ئەم سەردەمە. زۆر سەرسام بووم بە خاڵێکی ژیانی ئەو کەسە. ئەویش ئەوە بوو کاتێ فەرمانبەری حکومەت بووە، لە کاتی ئیشکردنی لەناو فەرمانگە، بە شێوەیەک هیچ شتێکی فەرمانگەی بەکارنەهێناوە هەتا کاغەز و قەڵەم و دەمبوسیش بۆ کاری تایبەتی خۆی، چونکە لەو بڕوایەدا بووە کە ئەم شتانە

موڵکی گشتین و ئەگەر بەکاریانبهێنی بۆ کاری تایبەتیی خۆی، ئەوە دەچێتە خانەی گەندەڵی و حەرام.

ئەو ئێستا کەسێکی ناوداری جیهانە و خاوەنی چەندین دەزگای خێرخوازی و پەروەردەییە و هێندەی چەند ڕێخکراوێکی یو ئێن خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات لەسەرتاسەری جیهان. ئەو بەبێ بەکارهێنانی هیچ هۆکارێکی خەڵکی تر هەتا خێزانیشی ئەم سەرکەوتنەی بەدەستهێناوە. من پێموایە نهێنیی سەرکەوتنی ئەم کەسە بەشی هەرەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازە مامەڵەکردنەی کە لەگەڵ موڵکی گشتی هەیبووە.

بێگومان ئەم جۆرە سەرکەوتنە تامێکی ئێجگار خۆشی هەیە، چونکە تەنها پشتبەستنە بە خودا و توانای خودی مرۆڤەکە. سەرکەوتنێکی سروشتییە، دەستکرد نییە بە مانایێکی تر. بە یارمەتی و پاڵپشتیی کەسانی تر بەدەستنەهاتووە. ئەمەیە نهێنی و تامی سەرکەوتن.

****

## (١٦)

کۆمەڵگەی ئێمە باشترین کەرەستەکانی کۆمیدیای تێدایە.

****

(١٧)

بیرۆکەی سێ (خ)ەکە

هەمیشە حەز دەکەم کارێک بکەم یان کار لەسەر پڕۆژەیەک بکەم، لە ڕێگای ئەم کارەم ڕەزامەندیی خودا و خەڵک بەدەستبێنم. هەر کە ئەم دوو ڕەزامەندییەم بەدەستهێنا، ڕەزامەندیی نەفسی خۆشم دەبێتە ڕەزامەندی سێیەم.

****

(١٨)

ئەنجام گرنگە

ئەو دروشمەی کە باوەڕم پێیەتی و هەمیشە کاری لەسەر دەکەم.

****

(١٩)

بەشێکی زۆر لە تاکی کۆمەڵگەی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە لۆمەی (قسەی) خەڵکی گرانترە لە عەزابی قەبر!!!

****

(٢٠)

**فێسبووک فێسمانە!**

فێسبووک بۆتە فێس و زمانحاڵمان، ئەو فێسەی کە هەمانە، جا ڕەنگدانەوەی ناخمانە یان میکیاژکراوە. ئەوەی لە فێسمان بەدیدەکرێت هەر هەمان شتە کە لە دیواری فێسبوکەکەشمان هەیە.

ئەمڕۆ ئەگەر دەتەوێت شارەزای هەڵسوکەوت و ڕاوبۆچوون و هەڵوێست و کەسایەتیی کەسێک بیت، ئەوە بە تەنها چاوخشانێک بە دیواری فێسبووکەکەی زانیارییێکی باشت دەربارەی دەستدەکەوێت.

کەسانێک هیچیان نیە بە خەڵکی بدەن لە فێسبوک. لەبەرئەوە تاکە کارێک کە دەیکەن، ئەوەیە بە پۆشاکە نوێیەکەیان یان لەگەڵ خواردن وێنەی خۆیان بڵاودەکەنەوە.

له هەمووی سەیرتر، بەرپرسەکان و کەسانی بەناوبانگ یان خۆبەبەناوبانگزان لە فێسبوک هەروەکو ژیانی ڕۆژانەیان لەناو دائیرە و بارەگای حیزبی و ناوبازاڕ مامەڵە دەکەن. بە جۆرێک لە فێسبوکیش هەر دەیانەوێت خەڵک لایک و کۆمێنتیان بۆ بکات و بنووسێت. بە خۆشیان ئەگەر لایک یان کۆمێنت بۆ کەسی تر بکەن یان بنووسن، وا دەزانن لە پلە و پایەیان دێتە خوارەوە، لەبەرئەوە نایکەن!

کەسانێکیش هەن فێسبوک بۆ پێدان یان وەرگرتنی زانیاری بەکاردێنن.

****

(٢١)

مرۆڤ ئینجا مزگەوت

ئەمڕۆ ئەگەر بڵێیت مزگەوتێک لە فلان شوێن دروستدەکرێت هەروەها کەسێکی هەژاریش لە فلان شوێن هەیە پێویستی بە یارمەتییە، ئەوە بەشێکی زۆری خەڵکی ئێمە ئامادەیە یارمەتییەکە بۆ مزگەوتەکە بنێرێ نەک بۆ کەسە هەژارەکە، لە کاتێکدا مزگەوت بۆ خزمەتی مرۆڤە و مرۆڤ سەنتەرە! مرۆڤێک کە بینای

خودایە بڕوخێ و ڕەزیل بێت و لە ئازاردا بێت، ئەری لەم کاتەدا دروستکردنی مزگەوت و ڕازاندنەوەی زیاد لە پێویست چ سوودێکی هەیە؟ ڕوونتر بڵێم، هەموو ئەو شتانەی لەسەر ڕووی جیهانە بۆ خزمەتی مرۆڤە بە مزگەوتیشەوە. یەکەم جار با یارمەتیدەری بین و پاڵپشتیی مرۆڤەکە بکەین بەتایبەتی لەم دۆخەی ئێستادا، ئینجا پاڵپشتیی ئەو شتانە بین کە بۆ خزمەتی مرۆڤە.

تێبینی: ئێمە باش دەزانین کە مزگەوت دروستکردن خێرێکی گەورەیە. کەس وا تێنەگات کە دژی دروستکردنی مزگەوتم.

****

## کتێب

## (١)

زۆر جار لێرە و لەوێ دەبیستین، دەڵێن: چ لە خوێندنەوەی کتێب بکەین، ئێمە پارەمان پێویستە. خۆ بە خوێندنەوەی کتێب، ناتوانین پارە کۆبکەینەوە!

لێرەدا دەڵێین، بە خوێندنەوەی کتێب مرۆڤ دەتوانێت پارە کۆبکاتەوە! بۆ نموونە: ئەگەر باسی حاڵەتێکی زۆر سادە بکەین، ئەگەر هەریەکە لە ئێمە کتێبێک یان چەند کتێبێک لە بارەی تەندروستی بخوێنێتەوە، ئەوە دەتوانین بە پشتبەستن بەو زانیارییانە خۆمان دووربگرین لە خواردن و خواردنەوە خراپەکان کە تووشی نەخۆشیمان دەکەن و لە هەمان کاتیشدا باشەکان بخۆین و بخۆینەوە. هەروەها لە کاتی تووشبوون بە هەندێ ڕووداو خۆمان چارەسەری خۆمان بکەین. بۆ ئەم حاڵەتانە پێویستیمان بە دکتۆر(پارەی چوون بۆ لای دکتۆر، پلیتی نۆرینگەی دکتۆر، پشکنینی تاقیگە، دەرمان) نابێت. ئەمە تەنها بۆ بواری تەندروستی. کەواتە ئەم بیرۆکەیە هەڵەیە کە دەڵێ: بە خوێندنەوەی کتێب ناتوانین پارە کۆبکەینەوە.

****

(٢)

چۆن بە کتێبێک بڵێم باش کە نووسەرەکەی لە کاتی مەستی و سەرخۆشی نووسیویەتی!

****

(٣)

بەداخەوە. لە کوردستانی خۆمان، ئەهلی کتێب دەنگێکی بەرز نین!!!

****

(٤)

لە هەر وڵاتێک ڕێزی کتێب نەگیرا، ئەوە بزانە ئەم وڵاتە سواڵ لە وڵاتانێک دەکات کە ڕێزی کتێب دەگرن.

****

(٥)

تەنها خوێندنەوەی کتێب بەس نییە، بەڵکو دەبێت تێیبگەین و دواتریش بەکاریبهێنین. باشترین و مەزنترین کتێبیش قورئانە.

****

(٦)

خوێندنەوەی کتێب کارێکی جددییە. نابێت بۆ کاتبەسەربردن بێت. ئەگەر بۆ کاتبەسەربردن بێت، بێگومان کاریگەریی نابێت.

****

(٧)

خوێندنەوەی کتێب بێ تێگەیشتن، تێگەیشتنی کتێب بەبێ جێبەجێکردن، یەکسانە بە هیچ.

****

(٨)

*کەسانێک هەن، دەڵێن: " کتێبمان خوێندەوە و هیچ گۆڕانکاریشمان بەسەردانەهات!! " وەک ئەوەی چاوەڕێ بن، لەپاش خوێندنەوەی کتێبێک، بەیانییەکەی لە خەو هەڵسن، ڕەنگی چاویان شین بێت و قژیان زەرد و ڕەنگی پێستیان قەوقاسی....بفڕن بەسەر هەورا! بێئاگا لەوەی کە خوێندنەوەی کتێب پرۆسەیە و پێویستی بە بەردەوامبوونە و کاتی دەوێت، تا کاریگەری دروستدەکات لەسەر مرۆڤ.

****

(٩)

خوێندنەوەی کتێبی باش وا لە مرۆڤ دەکات، نەبێتە کۆیلەی مرۆڤ و سەروەت و سامان.

****

(١٠)

هەروەک چۆن مامۆستا پێویستە بۆ وانەکانی قوتابخانە، بە هەمانشێوە کتێبناسێکمان پێویستە، بۆ پێدانی ڕێنمایی لە پرۆسەی خوێندنەوەی کتێب.

****

(١١)

كاندیدی من كتێبه.

پەرلەمانی من كتێبخانەیە.

ماوەی خولەكەش تا ڕۆژی مردنە.

****

(١٢)

موسڵمانە، نوێژدەكات، بەڕۆژوو دەبێت و خوێنەری كتێبیشە، تا ئێستا جارێك قورئانی نەخوێندۆتەوە، بەڵام ڕۆمیۆ و جولێت و لەیل و مەجنوون و هەرچی كتێبی حوبحوبانێ و ئەفسانە هەیە خوێندویەتیەوە!!!

****

(١٣)

كتێب بابەگەورەی گۆڤار و ڕۆژنامەیە.

****

# چیم دی ؟

(١)

ڕەمەزانی ساڵی ٢٠٠٧ بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارێک بووم لە کۆمپانیایەک لەگەڵ کاک عەبدولواحید کەریم کە ئێستا کارمەندی کەناڵێکی ئاسمانییە.

بۆ کارێکی ڕۆژنامەوانی چووینە فەرمانگەیەکی حکومی. خۆمان ناساند و ئەوانیش شوێنی مەبەستیان پیشاندایین و دانیشتین.

دواتر فەرمانبەرێکیان وتی: چ دەخۆنەوە؟

ئێمەش وتمان: بەڕۆژووین.

وتیان: ڕۆژنامەنووس و بەڕۆژووبوون!!!

****

(٢)

ئەمساڵ (٢٠١٨) لە سەنتەرێک وانەی ئینگلیزیم دەگوتەوە. هەر بۆ ڕاهێنان لەسەر ئەو زانیارییانەی خوێندبوومان، هەروەها بۆ فێربوونی گفتوگۆی ئینگلیزی، (عێراق)مان هەڵبژارد بۆ قسەلەسەرکردن. باسی جوگرافیا و مێژوو و پارێزگاکانمان کرد. دواتر پرسیم، سەرۆکی عیراق کێیە؟ کەس نەیزانی!!

****

(٣)

لەگەڵ هاوڕێیەک بووم. برادەرێکی هاوڕێکەم هات و دەستیان بە قسە کرد. منیش دوو سێ قسەم کرد، بەڵام هاوڕێی هاوڕێکەم هیچ گوێی بۆ نەگرتم و گرنگی بە قسەکانم نەدا!

دوای کەمێک، هاوڕێکەم بە هاوڕێکەی خۆی وت: ئەوە فلان کەسە، لە فلان بەش دەخوێنێت. یەکسەر هاوڕێی هاوڕێکەم ڕووی تێکردم و قسەی لەگەڵ کردم و زۆر گرنگی پێدام !!

****

(٤)

ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی پزیشکێکی هاورێم کرد. ئەویش وتی: با بچینە کافتریای پزیشکان شتێک بخۆین. منیش لەگەڵی چووم. کاتێك دانیشتین بۆ خواردن، یەک جام ماستاویان بۆ دانان. لەو کاتەشدا حکوومەت ماستاوی لە چێشتخانەکان قەدەغە کردبوو لەبەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی!!

****

(٥)

ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ هاورێیەك سەردانی شارێکی خۆمانمان کرد. خاوەن گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل کە بینی ژمارەی تابلۆی سەیارەکەم و شێوازی قسەکردنم هیی شارێکی ترە، پارەی زیاتری لێوەرگرتم! پێم سەیر بوو. بۆ زیاترم لێوەردەگری؟؟!!! دواتر هەر بەخۆی بانگی کردم و پارە زیادەکەی دامەوە!!!

هەر ئەو رۆژە و لە هەمان شار پرسیاری شوێنێکم لە یەکێک کرد، ئاراستەی پێچەوانەی پێنیشاندام. دواجار گەزۆم کری و چووم لە دوکانێکی تەنیشتی پرسیاری نرخەکەم کرد، بۆم دەرکەوت گرانتریان پێداوم!!!!

****

(٦)

وتی: یەکێك لەوانەی خانەوادەکانیان لە کوردستان بە پیرۆز دەزانرێت و خەڵک بۆ دوعا و نوشتە دەچنە لایان، لە ئەوروپا لەگەڵ ئێمە بوو. بۆی گێڕامەوە کە کاتی لە کوردستان ژیاوە، خەڵکانێک هەبوونە، لەسەر دەست هاتوونەتە ژووری ماڵەکەیان و ئاژەڵیان بە دیاری بۆ هێناون لەبەر پیرۆزیی خۆیان و ماڵەکەیان. ئەوانیش دوای ڕۆیشتنیان گۆشتی ئاژەڵەکەیان برژاندووە و کردوویانە بە مەزە!!!

****

(٧)

وتیان: ئەم دکتۆرە هیچ مووچەیەک نادات بە سکرتێرەکەی. مووچەی سکرتێرەکەی تەنها بریتییە لەو بەرتیلەی کە لە نەخۆشەکان وەریدەگرێت لەبری سرەبڕیکردن بۆیان!!!

****

(٨)

سکرتێرەکە کە بە تەمەن زۆر لە من بچووکتر بوو، وتی: نووسراوەکەت لێرە دابنێ و دواتر وەرەوە. منیش وتم: نا، دواتر کە هاتمەوە نووسراوەکە لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە. توورە بوو و دەنگی بەرزکردەوە. وتی: هیچ لە ئیشی ئیداری نازانن و دواتریش گلەییمان لێدەکەن.

منیش وتم: من بڕوانامەی ماستەرم هەیە لە یاسای کارگێڕی. فەرموو ئەوە بڕوانامەکەم بڕوانامەکەم پیشاندا!!!

****

(٩)

داوای ناسنامەکەی لێکردم، منیش ناسنامەی مامۆستایەتیم پێدا. وتی: ئیشت چییە؟!!!

****

(١٠)

کەسێکم ڕاسپارد بۆ کتێبخانەی گشتی هەولێر، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی جیهانی کتێب ڕێگام پێبدەن بۆ سازدانی سیمینارێک کە بریتییە لە ئەنجامی ڕاپرسییەک لەبارەی "ڕاوبۆچوونەکانی تاکی کورد بۆ کتێب" کە لە ئەنجامدا

سوودی بۆ ئەوانیش دەبێت، چونکە تا ئێستا ئەوان داتایەکیان نییە لەبارەی کتێب.

کەسەکە هاتەوە و پێیوتم: داوای پارەدەکەن. واتە تۆ دەبێت پارە بە کتێبخانەی گشتیی هەولێر بدەی، لە بری ئەوەی سیمینار لەبارەی کتێب لەوێ سازدەدەی!!!!

****

(١١)

لە کاتی وەرگرتنی ژمارەی سپاردنی یەکێک لە کتێبەکانم، سەیری بابەتی کتێبەکەی کردم و وتی: جا ئەمە بابەتێکی هێندە گرنگە، تۆ بیکەیت بە کتێب؟!

زۆرم پێ ناخۆش بوو. وەڵامم نەدایەوە. دواتر کتێبەکەم بە ماوەی چوار مانگ لە بازاڕ نەما و هەمووی فرۆشرا!!!!

****

(١٢)

زیاتر لە دوو ساڵ لەمەوبەر، هاوڕێیەکم وتی: بزانم دەزانی شیعری ئەم گۆرانییە هی کێیە؟ منیش گوێم بۆ

گرت. شیعرەکە پیاهەڵدان بوو بەسەر لەشولاری ئافرەت. منیش ناوی شاعیرەکانم ڕیزکرد: گۆران، قانع، پیرەمێرد، حەمدی، نالی،.... وتی: نەخێر، هیچیان نییە!

دواجار ناوی کەسێکی برد کە خاوەن تەریقەت و دەروێشن لە کوردستان!!!!

****

(١٣)

ئەو قوتابییانەی کە ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، وتیان: هونەرمەندەکە (گۆرانیبێژەکە) پیرۆزبایی لە قوتابییە نوێیەکانی کۆلێژی ئاداب کرد و وتی: هیوادارم هەمووتان ببن بە دکتۆر و موهەندیس!!!

****

(١٤)

دیار بوو زۆری پێ ناخۆش بوو.

وتی: بینیم بەڕێوەبەرێکی گشتیی پەروەردە، لە فلکەیەکی ناوشار دەستی دەرهێنا لە سەیارەکەی و جگەرەکەی فڕێدایە سەر شەقامەکە!!!

****

(١٥)

هەر لەم دوو سێ ڕۆژە کە خەریکی نووسینی ئەم زنجیرە بابەتۆچکانەم بە ناوی "چیم دی؟"، هاوڕێیەکی فێسبوک کە خزمیشە، کۆمێنتێکی سەیری بۆ جێهشتبووم لەسەر یەکێک لە بابەتەکانی "چیم دی؟". نووسیبووی: کەسێکی خاوەن کۆمپانیای حەج و عومرە کارێکێکی هەبوو. کارەکەشی بۆ جێبەجێ نەدەکرا بەبێ واستە و پارەدان، نەشیدەویست ئەم کارە بکات، نەوەکو ببێتە بەرتیل. بۆیە تەلەفۆنی بۆ کەسێک کردووە و وتویەتی: ئەم کارەم بۆ بکە، عومرەکت قەرزارم!!!!

****

(١٦)

شەش قوتابیی پەیمانگا بەیەکەوە لێکۆڵینەوەکیان ئەنجامدا بە زمانی کوردی، بەڵام دەرنەچوون و کەوتن لەم بابەتە!!!!

****

(١٧)

چەند مامۆستایەکی بەڕێز ئاگاداریانکردمەوە، سیمینارێک هەیە لەسەر کتێب و خوێندنەوە لەشاری هەولێر. منیش بە هەرجۆرێک بێت، خۆم گەیاندێ.

ماوەی یەک سەعات دانیشتم. هەرچەندی کردم، نەمتوانی بڕیاربدەم، ئایا ئەوەی کاکی ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی پێشکەشی دەکات، سیمینارە یان وۆرکشۆپ. باسی قاوەگرتنەوەیە یا کتێب یان بابەتێکی تر!!!!

****

(١٨)

لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم. چاودێری پۆل بووم. جارێکیان وانەی بیرکاریی مامۆستا ناجییەمان هەبوو. لەناکاو یاریدەدەری بەڕێوەبەر هاتە ژوورێ و وتی: کوا

مڕاقیب؟ منیش وتم: بەڵێ. هیچم بەخۆ شک نەدەدیت. وتی: وەرە. منیش لێی نزیک بوومەوە. هەتا هێزی هەبوو، شەقەزلەیەکی لێدام. منیش زۆر پێ تێکچووم لەپێش مامۆستاکەم و قوتابییەکان. وتم :چییە مامۆستا؟ وتی: ئەوە بۆ ئەم قوتابییە (٥) ڕۆژە نەهاتووە، تۆ بە غیابت نەنووسیوە؟

سەیری دەفتەری غیاباتەکەی دەستیم کرد، وتم: مامۆستا، تۆ هەڵەی. ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، پۆلی یەکی ئەلفە. ئێمە پۆلی یەکی دالین. ئینجا مامۆستا لە من زیاتر تێکچوو!!!!

****

## (١٩)

وتی: بۆ کەسێک کارمان دەکرد کە خەڵک بە پیرۆزی دەزانی. وتم: ئێمە وا بۆ تۆ کار دەکەین. بۆ نیوەڕۆ چ هەیە بیخۆین؟ ئەویش وتی: تا ئێستا هیچمان نییە. چاوەڕێی بێعەقڵێک دەکەم، بێتە سەردانم و شتێک لەگەڵ خۆی بێنێت. وتی: دەمێکی پێچوو. کەسێک هات و پەلەوەرێکی بە دیاری بۆ هێنابوو. ئەویش وتی: نەموت چاوەڕێی بێعەقڵێک دەکەم! باشە ئەگەر بێعەقڵ نەبێت، بۆ

من بە پیرۆز دەزانێ و بەو مەبەستەش دیاریم بۆ دەهێنێ!!!

****

(٢٠)

دەمێکە دەیناسم. ڕۆژێکیان وتی: گەنجێتیی خۆم کرد. زۆر شوێن گەڕام. ماڵ و سامانی زۆرم هەبوو. بەڵام هیچیان تامی هێندەی ئەو عیبادات و نوێژ و زیکرە نییە کە ئێستا دەیکەم و هیچ کاتێکیش وەکو ئێستا ئاسوودە نەبوومە!!!!!

****

(٢١)

هاوڕێی خۆشەویستی. برای بەڕێزی. ڕێزت هەیە.
گوڵی، گوڵ..... ئەمانە و دەیان وشە و ڕستەی تری بریقەدار لە فێسبوک. کاتێکیش لە شوێنێک دەیبینم، خۆی لە خەت دەدات و سەلامم لێناکات!!!!

****

## (٢٢)

ماوەیەک لەمەوبەر، لەگەڵ هاوڕێیەک باسی کەسێکی دیاری ئەم کوردستانەمان دەکرد. من وتم: ئەم کەسە نوێژ ناکات و باوەڕی بە ئایین نییە و لە قسەکانی تەئکید لەوە دەکاتەوە و لە کوردستانیش وا ناسراوە. ئەویش وتی: لە عومرە لەگەڵ ئێمە بوو**!!!**

****

## (٢٣)

وتی: هەوڵم بۆ زۆر شت دا و پێشیگەیشتم. خۆش بوو، بەڵام هەر بە تەواوی ناخم تێر نەبوو. ئێستا گەیشتمە ئەو بڕوایەی  کە ناخی ئێمە بە هیچ شتێک تێر نابێت لەم جیهانە و دەبێت شتێکیش هەر هەبێت تێری بکات.
پێموایە ئەویش بەهەشتە.

****

## (٢٤)

هونەرمەندە. لە زۆربەی کارەکانی وا خۆ پیشاندەدات کە داکۆکیکاری سەرسەختی هاووڵاتیان و خاکی کوردستانە. زۆریش باسی حەق و حقووق دەکات.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بەدەورییەوەن و ڕا و بۆچوونی وەردەگرن. کەچی لە کاتی وەرگرتنی معاش، بە بەرچاوی هەمووان سرە بڕی دەکات. بەدزییەوە لەگەڵ فەرمانبەرێک قسە دەکات و فەرمانبەرەکەش سرە بڕی بۆ دەکات و معاشی وەردەگرێ و بە بەرچاوی هەمووان و بە بێمنەتی. خەڵکیش هەیە، بە سەعات ڕادەوەستێ، تا سرەی دێت!!!

****

(٢٥)

دکتۆر بوو. لەپێش هۆڵی نەشتەرگەریی نەخۆشخانەیەکی حکوومی، پێش ئەوەی بچێتە ژووری بۆ دەستکردن بە کاری نەشتەرگەری، جگەرەی دەکێشا!!!!

****

(٢٦)

ئەو مامۆستایەی کە لە قۆناغی ناوەندی وانەیەکی بنەڕەتیی پێدەوتین، ئەمڕۆ بینیم لەسەر شەقام میوەی دەفرۆشت!

****

## (٢٧)

بۆ سەرتاشین چوومە سەرتاشخانەیەک. دوای ئەوەی سەری تراشکردم، وتم: چەند دەکات؟ وتی: لێگەڕێ با لە حیسابی من بیت. منیش (٥) هەزارم پێدا. وتی: (٨) هەزارە، نەک پێنج!!!

****